# راگەیاندنی فراکسیونی فەعالییەت بەناوی کۆمەڵە دەربارەی

# هەڵوێستی پاکتاوخوازانەی ئەم دواییانەی حیزبی کمونیستی ئێران

رۆژی رابردوو کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی ئێران بابەتێکی ناراست و بێبنەمای لەتوێی راگەیاندنێکدا و لە ژێر ناوی "دەربارەی جەمعی ناسراو بە فراکسیونی فەعالییەت بەناوی کۆمەڵە" بڵاوکردۆتەوە و قسەی لە جیابوونەوەی ئێمە کردووە. ئەمە هیچ شتێک نیە جگە لە درێژە پێدان و تەکمیلکردنی سناریوی پاکتاوکردنی رەخنەگرانی سیاسی ناو حیزب کە دەمێکە نەخشەرێژ کراوە و ئەمجاریش بە کۆڵێک ئیدعای هەڵبەستە و هەڵوێستی بێبنەماوە دارێژراوە.

کومیتەی ناوەندی حیزبی کمونیستی ئێران پێیوایە خەڵک و بیرورای گشتی گێژداخ کراون کە بە تەمایە ئەوها بە سادەیی هەڵیانفریوێنێ و بە ناوی بەرگری لە ئیستراتژی سوسیالیستی و لە ژێر رەشماڵی "تێگەیشتویی کۆمەڵگای حزبحزبێنێی کوردستان لە جیاییەکان" مستێک ئیدعا و بابەتی لابەلا بخاتە سەریەک و لەم رێگایەوە پاکانە بۆ سەرکوتی رەخنەگران بدۆزێتەوە و هەروەها هەنگاوە تاکرەوانەکانی خۆی، بەرەو دوابردنەوەکانی تەشکیلات و بنبەستە فکرییەکانی پێ بشارێتەوە.

ئێمە لە رۆژانی داهاتوودا وڵامی ئەم هەلوێست و بۆچوونە ناراستانە دەدەینەوە کە لە راگەیاندنەکەی کومیتەی ناوەندی حیزبدا هاتووە و هەر وەک رابردوو هەوڵ دەدەین بە روونی تێبینییەکانی خۆمان و هەموو ئەو شتانەی کە دەبێ بگوترێ بخەینە بەردەم بیرورای گشتی و هاوڕێیانی حیزبی. ئێستاش بە کورتی رایدەگەیێنین کە:

- هیچ جیابوونەوەیەک لە لایەن ئێمەوە رووی نەداوە. ئەگەر رێبەریی حیزب پێیوایە خاوەنکارێکە و هەر کات بیەوێ دەتوانی بە بیانووی جۆربەجۆر بەردەست و کرێکارەکانی دەرپەرێنی و لە هەڵپەی پاکتاوکردن و دەرکردنیاندا بێت، ئەمە ئیتر رەنگێکیترە و گومان لەوەدا نیە کە ئەم رێوشوێنە سەرزەنشی مێژوویی ـ سیاسی و رێکخراوەیی دەخاتە سەر شانی ئەم رێبەرییە و لەم بابەتەوە هەموو بەرپرسیارەتییەکیشیان لە ئەستۆ دەبێت.
- ئێمە داوا لە بیرورای گشتی و هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە دڵ لەدوای کەشوهەوایەکی بێگەردی سیاسی و بەشارستانیەتی ئەمرۆیین، لەبەرامبەر ئەوجۆرە هەڵسوکەوتە ناسیاسی و خۆویستانەیە، لەبەرامبەر رەفتاری لێکترازاندن و پاکتاوخوازانەی کومیتەی ناوەندی حیزبی کمونیستی ئێراندا دەنگ هەڵبرن و تیشکی بخەنەسەر و لە قاوی بدەن.
- ئێمە داو لە هەموو ئەندامانی حکا دەکەین کە بە هەستەوە، بە دوور لە گومان و پێشداوەریەوە چاو لەو رێوشوێن و بریارە نابەجێیە ببرن کە رێبەریی حیزب گرتوویەتیە بەر، زیاتر بیر لە زیانەکانی، لە ئاسەوارە درێژخایەنەکانی، لەسەر پەرەدان بە بێ متمانەیی و برەودانی بێلایەنی سیاسی ـ رێکخراوەیی بکەنەوە کە بە شوێن خۆیدا بەجێی دێڵێت. گومان لەوەدا نیە کە ئەم رێوشوێنانە بە زەرەری ئەمرۆ و سبەینێی تەوای تەشکیلات دەبرێتەوە. ئەوەی ئەمرۆ ئاراستەی ئێمە کراوە سبەینێ بەرۆکی خەڵکی دیکە دەگرێتەوە و زەبر لە متمانە بەخۆیی ئەندامان بۆ هەڵبرینی دەنگی رەخنەیان دەوەشێنێ و دەراوی لەبار بۆ سازکردنی هەرەشەکردن و گوشار

هێنان دەکاتەوە... لەوانەیە ئێمە لە زۆر بابەتدا، لێرەولەوێ بۆچونمان وەک یەک نەبێت، بەڵام ئەمە خۆی لەخۆیدا ناتوانێ هیچ جۆرە چەڵتوکێک بخاتە سەر هاوچارەنووسی و هاوخەباتیی زۆرێک لە ئێمەومانان لە رووبەرووبوونەوە لە گەڵ دژوارییەکانی سەر ڕێگای خەباتی ئێستا و داهاتوومان. دڵنیا بن کە ئەم لادان و پاکتاوکردنەی ئەمڕۆ نابێتە سەرەتای سازبوونی کەشوهەوایەکی چاکتری سیاسی و ڕێکخراوەیی و بە بڕشت بوونی زیاتری حیزب و تەشکیلاتی لێ هەڵناوەرێ و توانای خۆدەربڕینی هیچ کەسێکش ناباتەسەر. مەهێڵن ئەم ڕێوشوێنەی کە ڕێبەری گرتوویەتیە بەر و خووی پێگرتووە و نایهەوێ دەنگی هیچ ڕەخنەیەک ببیسێ لەوە زیاتر زەبر لە قەوارەی ڕێکخراوەییمان بدات و بەرەو لێکترازان و خەساری لە گەرانەوە نەهاتوومان ببات. لەوانەیە ئەم ڕێوشوێنە دوگم و سکتاریستییانە پشتقایمییەکی کاتیی بۆ شوێن و جێگای ژمارەیەک ساز بکات، بەڵام گومان لەوەدا نیە کە شوێنەواری خراپ و رووخێنەر لەسەر کاری ڕێکخراوەیی و هەروەها کەشوهەوای سیاسی ـ حیزبی لەناو کۆمەڵگادا بەجێ دێڵێ.

- ئێمە داوا لە هەموو ئەندامانی فراکسیون دەکەین سەبارەت بەم ڕاگەیاندنە جێگای داخ و نابەجێیەی کومیتەی ناوەندی حیزبی کمونیستی ئێران، هەر وەک جاران بە مەتانەتەوە بەرەوروو ببنەوە. ئەوانەی کە بە گومانی خۆیان دەتوانن لە ڕێگای دەرپەڕاندن و پاکتاوکردنی ڕەخنەگرانی سیاسییەوە بەرۆکی خۆیان لەو تەنگوچەڵەمە سیاسی و ڕێکخراوەییە زۆروزەبەندانە دەرباز بکەن کە تووشی حیزبیان کردووە، دەبێ دڵنیا بن کە بە جێگایەک ناگەن. بێ گومان ئێمە هەموومان بە هاوفکری و هاوهەنگاوی و هاوپێوەندی جیدی و ورد کە گرتوومانەتە بەر دەتوانین ئەم سەردەمە دژوارە تێپەڕێنین و دەتوانین درێژە بە خەباتمان بدەین و بەربەرەکانێی هەموو ئەو هەڵوێست و ڕێبازە خوارە سیاسییانە و هەموو ئەو ڕێوشوێنە چەوتانە بکەین کە تەشکیلاتیان تووشی ئەم هەلومەرجە نالەبارەی ئێستا کردووە.

فراکسیونی فەعالییەت بە ناوی کۆمەڵە

١٢ی مارسی ٢٠٠٩

بەرابەر بە ٢٢ی ڕەشەمەی ١٩٨٧